# شازی دیموکراسی

ستیڤان شەمزینانی



عەیامێکە، زەمانێکە، سالانێکە، تەمەنی نەوەیەکە، هاووڵاتی کورد نارەزایەتی دەردەبڕێ، سکاڵای ژیانی دەکات، دەیەوێ سەرنجی بەرپرسەکان رابکێشێ بۆ کێشەکانی، ئارەزوو دەکات ویژدانو سۆزیان بهەژێنێت، گەرەکییەتی ئەو دێوە خەوتووەی پێی دەڵێن دەسەڵات بە ئاگا بهێنێتەوە، هەوڵی نەپساوەی داوە تەنانەت بەزەیی پێدابێتەوە، کۆششی کردووە جیسمی مردوو وبە بەردبوویان راوەشێنێ، هەزارو یەك رێگە گیرایەبەر، لەسەر دەرگای تەوالێتی مزگەوتەکانیان نووسی، پڕ ئۆقیانووسێك مرەکەب سەرفکرا لە رەشکردنەوەی لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان، ملیارەها فۆڵدەرو میگابایت نووسراوە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاوبوونەوە، لەسەر شەقامەکان دەستکرا بەجنێوۆ پرتەوبۆڵەو رەخنەگرتن لە دەسەڵات، کار گەیشتە ئەوەی خۆپیشاندانو پێکدادان روویدا، بایکۆت دەستی پێکرد، نارەزایەتییەکە هێندە بەتینو رق ئەستوور بووە بەدووری نابینین لە ئاقیبەتدا توندوتیژیی بێوێنەی لێبێتەوە.

لەناو پاسدا باس هەرباسی خراپی حکومەتە، سایەق تەکسی تادەتگەیەنێتەوە ماڵ هەزار جنێو بەحکومەت دەدات، لە گازینۆ دادەنیشی لەباسی گەندەڵی بتزازێ چی وشەیەکی تر نەماوە بۆگوتن.

دەچیتە شایی یان پرسە، دەچیتە مزگەوت یان کەنیسە، دەڕۆیتە بازاڕ یان فەرمانگەکان، دەڕۆیتە قوتابخانە یان زانکۆ، دەچیتەوە بۆ ماڵ یان بۆ میوانی، دەڕۆیتە هەر شوێنێك، باسو خواس هەر کەموکوڕییەکانی دامو دەزگاکانی حکومەتو خەواڵوویی پەرلەمانو لاقرتێ کردنی بەردەوامە بە مەشاعیری تاکەتاکی هاونیشتمانیان.

لەولاشەوە حکومەت هەناسەی لەخۆی بڕیوەو دەنگی نەفەسدانیشی نایەت، زۆر جار بە بیرمدا دێ وەزیرەکانمان کەڕولاڵن، زمانیان گۆناکات وەڵامی ئەو خەڵکە بدەنەوە، هەندێکیان هەر دەڵێی دەمو لووتیان عەمەلیات کراوەو دکتۆر بۆی نووسیوون جوقەیان لێوەنەیەت، بەشێکیان هاوارو ناڵەی هاووڵاتیان لە گوێی راستیانەوە دەچێتە ژوورەوەو لە چەپیانەوە دەردەچێ. هەندێکی تریان وەك ئەوەی وەزیرو کاربەدەستی ئەندەنۆسیا یان فلیپین بن ببڕای ببڕ باری سەرنجیان نەچووەتە سەر هیچ گلەییەکی خەڵكو لەخوا بەزیادیش بێ نەرۆژنامە دەخوێننەوە نەخەڵك دەبینن، ئیدی چۆن چۆنی لە موعاناتەکانیان تێبگەن؟!.

سەیر لەوەدایە هەندێك دەسەڵاتدارو گەلۆری سەر بەدەسەڵات لەگەڵ هەر دەنگێکی نارەزایەتیدا، لەگەڵ هەر جنێوێکی هاوڵاتیدا، لەگەڵ بۆڵەبۆڵی هەر گەنجێکدا، فوودەکەن بە کەرەناداو لە بەردەم مایکرۆفۆندا ئامادەن بۆ ئەوەی هاوار بکەن:

دەی سەیر بکەن، برادەرینە سەیر بکەن، بزانن ئێمە چەندە دیموکراسیین؟ بزانن فلانە کەسی چەموش چۆن هێرش دەکاتە سەرمان‌و قسەش ناکەین، ئێوە سەیربکەن، جوان سەیر بکەن، هاووڵاتییان لەسەر شەقام‌و کوچەو کۆڵان بەدەنگی بەرز بەبێ ترس رەخنەمان لێدەگرن، لەوە زیاتر ئەستەغفیروڵڵا جنێویش

بەسەرکردە موبارەکەکانمان دەدەن، ئێمە هیچ وەڵامێکمان نییە، بڕوانن برادەرینە، جوان بڕوانن‌و بزانن چۆن رۆژنامەنووسان لەدەستاڕدا دەمانهاڕن‌و هەیبەتمان دەشکێنن، ئێمە نەك هەر توڕەنابین‌و بە پۆلیس نایانگرین هەر ئیهمالمان کردوون، شەقیش بەرن وەڵامیان نادەینەوە، ئەگەر بەخت یارییان بێ بانگ دەکرێن بۆ دەعوەتێکی چەور لەبری لێپرسینەوە، ئەی  جەماوەری بە شەرەف، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بڕواتان هەبێ سێ‌بەسێ تەڵاقمان خواردووە نەلەسەر رەخنەو گلەیی توڕەبین‌و بتانگرین نە داواکارییەکانتان بۆ جێبەجێ بکەین.

ئێوە چی دەڵێن بیڵێن ئازادن، ئێوە ئەمڕۆ هەوای ئازادیی (بە سیسی) هەڵدەمژن، ئەوەش بەرهەمێکی خوێنی شەهیدانەو دەستکەوتێکی مەزنە، چی گلەییەك دەکەن فەرموون بۆنایکەن، خۆ ئێمە گوێتان لێناگرین، ئەگەر ئێمەتان قبوڵ نییە ناچین کورسی دەسەڵات چۆڵ بکەین، نا هەرخۆمان قاچاغچیتان بۆ دەگرین ,فەرموون ئەوەڕێی هەندەران!.

دەسەڵاتی کوردستان وا لە دیموکراسی گەیشتووە تۆ وەك لێبۆکێکی سەرشێت‌و گوناە چی دەڵێی بیڵێی، چی دەنووسی بینووسی، چی دەکەی بیکەی دەسەڵات هیچ کێشەیەکی نییە نەگوێ دەگرێ نەتوڕە دەبێ، چونکە دیموکراسیخوازێکی عەیارە بیست‌و چوار ببورن خەلیجییە.

رۆحی دیموکراسی بریتییە لە زەمینەیەکی خەملێوو ئازاد تا هەرکەسە تەعبیر لەویست‌و کێشەو روانینەکانی بکات، هاووڵاتی لە سیستەمی دیموکراسییدا نەك هەر موهەریچ نییە بەڵکو چەکمەجەی سەرۆك وەزیران دەکاتەوەو لێیدەپرسێتەوە چەندی هەیەو چۆن پەیدای کردووە؟ لێرە نەك ناتوانی ئەو چەکمەجەیە بکەیتەوە بگرە بۆت نییە سەیری ئۆتۆمبێل‌وماڵەکەشی بکەیت چونکە بقەیەو لەوانەیە تۆ پیاو خراپ بیت!! بەبیانووی تێکدانی ئەمنی نەتەوەیی داردەدەن بەڕۆحتداو فەلاقەت دەکەن.

هەر ئەوەندە هەیەو دیارە لەکەسیش شاراوە نییە دیموکراسییەکەی کوردستان نموونەیەکی شازو تایبەتەو لەسەر بناغەی ئێوە قسەبکەن‌و ئێمەش لە هۆڵەکانی پەرلەماندا سەرخەوێك دەشکێنین دامەزراوە.

Shamzini79@hotmail.com